www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا14-7-2006 10:30

سوید

## شەوێک ... خەون تەها ئەلی

جوانێک خەونی دەدی
کە یارەکەی چەپکێ گوڵی سپی و زەرد و سوری جوانی
بە لاسکێکی سەوزی باریک بۆ پێچاوە و
لە بەرۆکی ئەمی داوە
بۆ بەیانی
کە ڕۆژ بووەوە
کچەی عاشق بە چاوی یار
بە خەندەوە
بۆ هاتنەدی خەونەکەی
بە دەم بیری دوارۆژی خۆی و یارەوە
باڵای دەکرد
دەخەنیەوە
لە پڕ
ناڵە و قیژەی گریان
لە کوچەوە بەرز بووەوە بەرەو ئاسمان
فوغانی چی؟
هێند بە سوێ بوو
عەرشی خواوەندی دەهەژاند
کچەی چاوەڕێ بە دیدار
بە ڕاکردن
لە حەوشەی ماڵ چووە دەرێ
بۆ بیستنی هەواڵی یار
بەڵام... چی دی؟
... خەونەکەی بوو
هاتبووە دی
گوڵەکان هەر هەمان گوڵ بوون
ڕەنگەکانیش هەر وەکو خۆی
بەڵام. لێرەدا "ئاڵا"بوو
بە تەرمی یارەوە ئاڵابوو